# عێراقیزەکردنی کورد وەک کۆتایی کوردبوون؟

## بەختیار کەریم

وتارەکەی بەڕێز (ئاسۆ عەبدولەتیف)(1)، کە جگە لەوەی پشتگیرییەکی کوردانەیە بۆ وتارێکی پێشتری ئێمە(2)، بانگهێشتێکیشە بۆ گفتوگۆ لەسەر مەسەلەیەکی گرنگ. ئێمە لێرەدا پێمان خۆشە هاوشێوەی ئاسۆ، ویژدان و ئاوەزی نووسەرانی کورد بهەژێنین، بە ئومێدی فەراهەمکردنی ژینگەیەکی فراوان بۆ گفتوگۆ لەسەر هەر کام لەو ڕەهەندانەی ئەگەری عێراقیزەکردنی کورد هەڵگریەتی. مایەی ناشادییە کە دەبێت دان بەو ڕاستییەدا بنێین، کە ئومێدمان بە هاتنە نێو گفتوگۆیەکی لەم جۆرەی نووسەری لوتبەرزی کورد، هەر ئەوەندەی ئومێدمانە بە گووزەرکردنی حوشتر بە کونی دەرزیدا. زۆربەی نووسەرانی کورد کە لەهەموو بوارێکدا پسپۆڕن و هەڕی لە بڕی ناکەنەوە، تا ئەندازەیەکی کەمەندکێش لوتبەرزن، لوتبەرزییەک لەئاستی یەکتردا کە هەموو ئەگەرێکی گفتوگۆی نێوان نووسەرانی کوشتوە. داخمان ناچێ، کە ئەم لوتبەرزییەی نووسەران هاوکات نییە لەگەڵ هەبوونی هەمان لوتبەرزی لە ئاستی سەرکردە نەزانەکانی کورد یان نووسەرانی نەتەوەکانی دیکە. ئەگەر نووسەرێکی عەرەب نووسەرانی کورد بانگهێشتی گفتوگۆ بکات، ئەوا زۆربەیان لە حەوت جێگا ملی خۆیان دەشکێنن، بەڵام بانگهێشتی نووسەری کورد، ئەوە شایانی ڕێز و ئاوڕلێدانەوە نییە. بەڵام لەبەر گرنگی بابەتەکە پێمانخۆشە شتێکی لەسەر بڵێین و بانگهێشتی نووسەرانی کورد بکەین بۆ بەشداریکردن لە گفتوگۆیەکدا دەربارەی کاریگەرییەکانی عێراقیزەکردنی کورد لەسەر ئایندەی کورد.

گرنگە عێراقیزەکردنی کورد لە عێراقیبوونی سەپێنراوی کورد جیابکەینەوە. لە عێراقیزەکردنی کورد مەبەستمان پرۆسەیەکی سیستەماتیکە کە سەرکردایەتی کورد، بەتایبەتیی تاڵەبانی و یەکێتی، سەرقاڵی بەڕێوەبردنین، پرۆسەیەکە کە کار نەک تەنها بۆ لکاندنەوەی کوردستان دەکات بە عێراقەوە، بەڵکو هەوڵێکی نەپساوە و پلان بۆ داڕێژراو دەدات بۆ تواندنەوەی (assimilation) کوردبوون وەک شوناسی یاخیبوون لە بۆتەقەی شوناسێکی دەستکرددا کە شوناسی عێراقیبوونە (دواتر دەگەڕێینەوە بۆ لای ئەم پێناسەیە و زیاتر لەسەری دەدوێین).

بێگومان لەبەرامبەر ئەمەدا ئێمە واقیعی عێراقیبوونی کوردمان هەیە کە واقیعێکی سەپێنراوە لەلایەن ئەو بوونەوەرە خوێنتاڵەوە کە پێی دەڵێن کۆمەڵگای نێودەوڵەتیی، بەسەر نەتەوەیەکدا کە مل بەو واقیعە سەپێنراوە نادات. واتا ئەگەرچی عێراق وەک بوونێکی وێناکراو سەدەیەک ژیانی گریمانەکراوی خۆی لەژێر زەبری ئاگر و ئاسندا بەسەردەبات، سەدەیەک وەک بوونێکی یاسایی و سیاسیی لەئاستی نێودەوڵەتیدا دەناسرێت. بەڵام هیچ کام لەو پێگە یاسایی، سیاسیی، نێودەوڵەتیی یان توانا زەوەندە سەربازییەی عێراق نەیانتوانی کورد بکەنە بەشێک لەو شوناسە وێناکراو و شڵۆقە، کە بەردەوام لەبەردەم ئەگەری هەلاهەلابووندایە. عێراقیبوونی کورد پێگەیەکی نێودەوڵەتی و ناوچەیی سەپێنراوە، بەڵام لەئاستی ناوخۆدا کورد بەردەوام شەڕی کردوە لەپێناو پاراستنی شوناسێکی سەروەردا کە کوردبوونە، کوردبوون وەک شوناس بەدرێژایی سەدەی ڕابوردوو یەکسان بووە بە بوونی ئەنتۆلۆجی کورد، کاتێکیش کوردبوون وەک شوناس کەوتۆتە بەردەم مەترسی، هەموان کۆک بوون لەسەر ئەوەی کە کوردبوون وەک 'بوون' کەوتۆتە بەردەم مەترسی. نهێنیەکی گەورەمان ئاشکرانەکردوە، ئەگەر بڵێین داگیرکەرانی کوردستانیش بەجیاوازی شوناس و پێگەیانەوە، ئاشنابوون بەم پێکەوەگرێدانەی شوناس و بوونی کورد، هەربۆیە دەبینین هەموو شاڵاوەکانی لەناوبردنی شوناسی کوردی

هاوکات شاڵاوگەلێک بوون بۆ لەناوبردنی بوونی کوردی، واتا مرۆڤی کورد (شاڵاوی ئەنفال دەکرێت باشترین نمونە بێت بۆ سەلماندنی ئەم دیدە).

ئەم تێکچڕژانەی شوناس و بوونی کورد بەردەوام کێشەی گەورەی بۆ ئەو ڕژێمانە دروستکردوە کە هەوڵی سڕینەوەی شوناسی کوردیان داوە، یان هەوڵیانداوە کە کورد بتوێننەوە نێو نەتەوەی سەردەستەوە. چونکە کاتێک شوناس و بوونی ئەنتۆلۆجی نەتەوەیەک بەو شێوە لێکدانەبڕاوە تێکەڵدەبن، تەنها کۆکوژیی ئەو نەتەوەیە دەتوانیت شوناسی بسڕێتەوە، ئەشێت ئەمە نهێنێ مانەوەی کوردان بێت لە تورکیا لەپاش ئەو هەموو ساڵە لە کوشتن، لاقەکردن، دانپێدانەنان، هەوڵی سڕینەوەی شوناس و چەندین شاڵاوی جێنۆسایدیی. کوردستانی بندەستی عێراق باشترین نمایشی ئەم تێکچڕزانەی شوناس و بوونی کورد، یان کوردبوون وەک شوناس و کوردبوون وەک بوونمان بۆ دەکات. هەربۆیە ڕەهەندە تاریک و سامناکەکانی هەوڵەکانی تواندنەوەی شوناسی کوردبوون لەلایەن سەرکردایەتی کوردەوە بە کارەساتی گەورە کۆتایی دێت.

عێراقیزەکردنی کورد لەلایەن سەرکردایەتی کوردەوە، وەک لەسەروە گووتمان، جیاوازە لە واقیعی سەپێنراوی عێراقیبوون. عێراقیزەکردنی کورد هەوڵێکە بۆ بەدیهێنانی ئەو خولیایەی کە عێراقیبوونی سەپێنراوی کورد نەیتوانی بەدبهێنێت، واتا هەوڵێکە بۆ کەرتکردنی ئەو تێکچڕژانەی بوون و شوناسی کورد. کاتێک لە پرۆسەی عێراقیزەکردندا شوناسی کورد و بوونی کورد دەبنە دوو چەمک و دوو ڕاستیی جیاواز. ئەوکات سڕینەوەی شوناس بەبێ لەناوبردنی بوونی نەتەوە کارێکی ئاسانتر دەبێت، سامناکیی ئەم هەوڵە لەوەدایە کە بەرەنگاریی وەک کاردانەوە بەرهەمناهێنێت، یەکەم: لەبەرئەوەی بوونی نەتەوە لەبەردەم هەڕەشەدا نییە، دووەم: لەبەرئەوەی ئەوەی بەڕێوەی دەبای سەرکردەیەکی خۆماڵیی بێئاگایە لە سامناکیی ئەو کارەی دەیکات. کەم نین ئەو نەتەوانەی کە لەپاش جیاکردنەوەی شوناسی نەتەوایەتیان لە پێگەی تۆنتۆلۆجییان، تاوێنراونەتەوە نێو نەتەوەی سەردەستەوە. ئەم ئاستە ئاستێکی زۆر سامناکە، چونکە سەرکردایەتیەکی کوردیی هەڵقوڵاوی نێو بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد سەرقاڵی بەڕێوەبردنیەتی. هەربۆیە ئەمڕۆ دەبینین ئاستی ڕەتکردنەوەی پرۆسەی عێراقیزەکردن لە نزمترین ئاستدایە، نەتەوەیەک کە یەک سەدە بەرخۆدانی کرد، شەهیدی بەخشی، ئەمڕۆ دەستەوسان دانیشتوە و لە تاڵەبانی و پیاوەکانی دەڕوانێت کە سەرقاڵی کاڵکردنەوە و پاشان سڕینەوەی کوردبوونن وەک شوناس.

بیگومان لای سەرکردایەتی کورد و چڵکاوخۆرەکانی قسەی لەم جۆرە قسەی کۆمەڵێک گومڕای تاراوگەنیشینە کە واقیعبینانە بیرناکەنەوە، خەون دەبینن زیاتر وەک لەوەی باسی ئەو واقیعە بکەن کە کوردی تێدایە. بەڵام لەڕاستییدا واقیعی کوردی و ناوچەکە ئەمڕۆ لەهەموو کات هەموارترە بۆ کارکردن و هەنگاونان بەرەو بەدیهێنانی ئەو خەونە دێرینەی کورد، کە خاوەندارێتی دەوڵەتێکی سەربەخۆیە. بەڵام ئێمە دەڵێین کارکردن و هەنگاونان بۆ وەدیهێنانی ئەو خەونە نەک کارکردن و هەنگاونان بۆ بەدیهێنانی پێچەوانەکەی. ئەمڕۆ وەک دەبینین، لە ساتەوەختێکدا کە چەند سێناتۆرێکی ئەمریکی، ئۆسترالی و چەندین ئەندام پەرلەمانی دەوڵەتانی دیکە، باس لە پارچەپارچەکردنی عێراق دەکەن، تاڵەبانی بەم دەنگانە دەڵێت سەربەخۆیی کورد جگە لە خەون هیچی دیکە نییە. لە کاتێکدا سەدان نووسەری ناسراوی جیهان باس لە بەدەوڵەتبوونی کورد دەکەن، بەڵام نووسەرەکانی دەرباری سەرکردەکان ژەهری عێراقچێتی دەڕێژنە هەناوی ڕۆژنامە کوردییەکانەوە.

عێراقیزەکردنی کورد، پرۆسەیەکە کە سیاسەت بە پشتبەستن بە ڕۆشنبیران بەڕێوەیدەبات، دەبینین ئەمڕۆ هەموو هەستێکی سەربەخۆخوازیی لەلایەن تیۆریزانە بەناو سەربەخۆکانەوە کراوەتە کەرەستەی گاڵتەجاڕی و فشەپێکردن، ئەمەش لە دەرئەنجامدا ئەو دیدە ژەهراوییە لای لاوانی کورد دەچەسپێنێت کە گوایا خەونی سەربەخۆیی کورد خەونی کەسانێکە کە تینووی خوێنڕشتنن. ئەم نووسەرانەی دەرباری سەرکردەکان باس لە ناواقیعبوونی کوردی تاراوگە دەکەن،

وەک شۆڤینیست ئاماژەیان بۆ دەکەن و لەسەر جیاوازی و تۆلێرانس قسەمان بۆ دەکەن. بەڵام هەموو ئەم هەوڵانە جگە لە ترۆکردن و سووککردنی هەستی نەتەوایەتیی هیچی دیکە نیین، ئەم هەوڵانە بە کاڵکردنەوەی شوناسی کوردبوون کۆتایی دێت. لەکاتێکدا لەسەر زەمینی واقیع دەبینین داگیرکەرانی کوردستان هەمان سیاسەتی باوی خۆیان پەیرەودەکەن.

پرۆسەی عێراقیزەکردن یەکێکە لەو پرۆسانەی لەم چەند ساڵەی دوایدا زۆر سامناکانە بەڕێوەدەچێت و ئێمەش بێباک لێیدەڕوانین و جار جار خۆمان فسقەڵ دەکەین، بەڵام لەڕاستییدا زیانەکانی ئەم پرۆسەیە تا ئاییندەیەکی نزیک هەستی پێناکرێت و بێدەنگییش وەک تاوانێکی گەورە لە ئاییندەدا ئاماژەی پێدەکرێت. وەک دەبینین هەنگاوی یەکەمی پرۆسەی عێراقیزەکردنی کورد، بە کوشتنی ئیرادەی سەربەخۆخوازیی دەستپێدەکات، بە ڕیسواکردنی خودی ئەو خەونە دەستپێدەکات کە لە هزریی هەموو پێشمەرگەیەکدا بووە تەنانەت لە ساتەوەختی شەهیدبوونیدا. پاشان ئەم پرۆسەیە داگیرکردنی کوردستان لەلایەن عێراقەوە دەکاتە ڕاستییەک و شەرعیەتی پێدەبەخشێت، چیتر ئێمە داگیرکراونین بەڵکو بە خواستی خۆمان عێراقین. ئەمە ئەو ڕاستییانەن کە ئاراستەی عێراقیزەکردنی تاڵەبانی و یەکێتی لەخۆیدا هەڵیگرتوە، گۆڕینی عێراقیبوونی سەپێنراوی کورد بۆ عێراقیبوونی خوازراوی کورد، ئەو ئامانجەیە کە تاڵەبانی و یەکێتی کاری بۆ دەکەن. بەڵام دەکرێت ئێمە وەک ئەو نەوەد ساڵەی ڕابوردوو بە عێراقی بمێنییەوە و شوناسی کوردبوون وەک تایبەتمەندێتی بپارێزین، ئەمەش بەبێ زیندووهێشتنەوەی خولیای سەربەخۆیی ناکرێت. بەواتایەکی دیکە پێویستە ئێمە بوونی خۆمان لە چوارچێوەی عێراقدا وەک بوونێکی کاتیی ببینین، نەک هەوڵ بدەین هەستی عێراقپەروەریی لەسەر ئەرکی کوردپەروەریی گەلاڵەبکەین. لەڕاستییدا هەموو هەوڵێک بۆ چاندنی هەستی عێراقپەروەریی دەبێت وەک خیانەتی نەتەوایەتی لێبڕوانرێت، چونکە مانەوەی کورد لەچوارچێوەی عێراقدا جگە لە درێژکردنەوە و نوێکردنەوەی کارەساتەکان هیچی دیکە نییە، کاتێکیش ئەم مانەوەیە کرایە مانەوەیەکی هەمیشەیی ئەوکات ئێمە ڕووبەڕووی چەوساندنەوە و پاکتاوی ڕەگەزیی هەمیشەیی دەبینەوە، کە کۆتاییەکەی کۆتایی شوناسی کورد دەبێت. کاتێک کە دەڵێین پێویستە پرسەی عێراقیزەکردن وەک خیانەتێکی نەتەوایەتیی ببینین، هۆی ئەوەیە کە پرۆسەی عێراقیزەکردن سەپاندنی شوناسی عێراقیبوون و سڕینەوەی شوناسی کوردبوونە لەلایەن خودی سەرکردایەتییەکی کوردیەوە، یان بە دەربڕینێکی دیکە بڵێین، ئەوەی دوژمن بۆ نەکرا ئەمڕۆ بەدەستی خۆمان بۆی دەکەین.

بەڵام ئەگەری سەرکەوتنی ئەم پرۆسە سامناکەی عێراقیزکردن وابەستەیە بە بێدەنگیی و دەنگهەڵبڕینی ئێمەوە. بێدەنگی ئێمە دەستخۆشی کردنە لە عێراقیزەکردن، بەپێچەوانەشەوە دەنگهەڵبڕینمان ڕیسواکردنی ئەوانەیە کە بێباک شوناسمان کاڵدەکەنەوە، تا بمانکەن بە شتێک کە نامانەوێت ببین. هەربۆیە ئێمە لێرەدا بانگهێشتی نووسەران و ڕۆژنامەنووسان دەکەین بۆ قسەکردن لەسەر ڕەهەندەکانی دیکەی ئەم پرۆسەیە کە دەشێت ئێمە پەیمان پێنەبردبن. زۆر گرنگە دەستبردن بۆ کارێکی لەم جۆرە لە نووسینی وتارێکدا کوتنەکەینەوە، چونکە ئەوە کارێکە کە هەنگاوی جیاواز و کاری نەپساوە دەخوازێت. ئێمە کوڕ و کچی نەتەوەیەکین کە تاکە یەک وەنەوز زۆر بەگران لەسەرمان دەکەوێت، وەک مەحوی لوتکە دەفەرموێت:

**(وەنەوزێکم شەوێ دا گەییە سەرم و**
**وتی: هەستە، هەتاوت وا لەسەر کەوت).**

2006/06/05

ئۆكسفۆرد/ئینگلاند

سەرچاوەکان:

1) بۆ وتارەکەی ئاسۆ عەبدولەتیف بڕوانە:
http://www.dengekan.com/doc/2006/6/asoLatif3.pdf

2) بۆ وتارەکەی پێشتری ئێمە بڕوانە:
http://www.dengekan.com/doc/2006/6/baxtyarKarim2.pdf